# پانۆرامای ژیانی منالانی کوردوستان

ژیانی منالانی کوردستان پڕاو پڕ لەو زنجیرە درامایانە دەچێت کە تەواوی ڕووداو بەسەرهاتەکانی کوێرەوەری و ناعەدالەتی کۆمەلایەتی پێوە دیارە , سەختی ژیان و ناهامەتیەك کە منالانی کوردوستان دەیگوزەرێنن تەنها لە کۆلان و سەرشەقامەکانەوە دەست پێناکات , منالان تەنها خوێندنگاو بازاڕی کار بۆیان نەبۆتە کورەی داخراو ژیانیان بسووتێنێت . سەرەتای بەدبەختی و ناعەدالەتیەکانی کۆمەلگای سەرمایەداری , لەگەل پیاو سالاری و فەرهەنگی کۆنەپەرستانەی کۆمەلگا بۆ سەر ژیانی منالان هەر لە سکی دایکیانەوە دەست پێدەکات , بەو مانایەی سکی دایك بۆ کۆرپەو منالی لە دایك نەبوو ئەو جیهانە بچووکەیە کە دەکرێت ببێت بەو سەرەتایەی زولم و زۆری لەسەر منالانی پێ پێناسە بکرێت . ئەلبەت دایکیش هەوەك مندال یەکێکە لەو قوربانیانە بەلام بابەتەکەی من ئێستا لەسەر منالانەو , بەو هیوایەی لە داهاتوودا بتوانم لەو بارەیەوە قسەی زیاتر بکەم , منالان لە سکی دایکیان هەڕەشەی مامۆستای خوێندنگا و مەلای مزگەوت و چەندین جۆری تر لە پەیوەندیە کۆمەلایەتیە دوواکەوتووەکانیان بە سەرەوە نیە , بەلام هەر بۆخۆشیان بەدەرنین لە ناعەدالەتیەك کە لە دنیای دەرەوەی ئەواندا ڕوو دەدات , منالان هەر لەسکی دایکیانەوە مەحکوومن بە چەندین کارەسات و ڕووداوی دلتەزێن و نا ئینسانی , کەم نین ئەو منالانەی لە سکی دایکیاندا بە هۆی شەقی باوك و براو مامەوە لە بار چوون و پێش بینینی زولمی دنیای دەرەوە بوونە قوربانی سوونەت و پیاوسالاری و شەق وەشاندن , کەم نین ئەو منالانەی هەر لە سکی دایکیانەوە بە هۆی کاری قورسی نێومال و کێلگەو ئاوکێشان و جل شۆردنەوە بوونە قوربانی , کەم نین ئەو منالانەی بەهۆی نەبوونی فەرهەنگی تەندروستی و نەبوونی هۆکانی پاراستنی ساغی و سەلامەتی منالان و دایکەکانیان بوونەتە قوربانی , کەم نین ئەو منالانەی تەنها بەهۆی ئەوەی پێش خۆیان خوشکیان بووەو ئەمانیش کچن دەرگای لە دایك بوونیان لێدادەخرێت و دەیانکەنە پارچەیەك گۆشتی لە بیر کراو . کێشەکانی منالان تەنها لە سکی دایکیاندا نیە , چونکە کێشەکە دایك و ناو سکی دایك نیە , کێشەکە نیزامێکە کە منالیشی تێدا کراوەتە قوربانی و سووتەمەنی قازانج پەرستی و چاوچنۆکی , سەرەتای سەر دەرهێنانی منال لە سکی دایکیدا سەرەتای دەست پێکردنی جۆرێکی ترە لە مەئەساتی ڕاستەوخۆ . تەماشاکەن هەر بە پێی سەرچاوە و ئامارەکان کە دیارە ئەم ئامارانە سەرەتای و ئەو ژمارانەن کە تۆمار کراون دەلێت لە سلێمانی " 774 " منال لە سالی " 2005 " لە کاتی لە دایکبوونیاندا تووشی دەرچوونی سمت بوون , بڕوانە هاولاتی ژمارە " 260 " چوار شەممە 8 . 2 . 2006 . کەواتە هەر لە سەرەتای لە دایك بوونەوە یەکسەر زولمی جەستەی و ئازار و مۆرێکی ناشیرین کە سبەینێ دەنرێت بە نێو چەوانی منالەوە دەست پێدەکات کێ شەل , کێ گێڕ , کێ لار , کێ قوچ , ئەمانە ناونیشانی ئەو منالانەن کە بەهۆی نەبونی سەرپەرشتی تەندروستی باش وخزمەتگوزاریەوە وەك لەکە دەبێت بە پاشگری ناوەکانیان , بۆ ئەبێت منالان لە هەلومەرجێکی تەندروست و ئینسانیدا لە دایك نەبن , بۆ ئەبێت منالان بەشێك لە داهاتی کۆمەلگایان بۆ تەرخان نەکرێت تا بە تەندروست لە دایك بن و لەشیان ساغ بێت و ڕووبەڕوی ناڕەحەتی و

عەزابی ژیان نەبنەوە . منالاَن پاش ئەوەش كە لە دایك ئەبن ئەگەر سمت و سەریان سەلامەت دەرچێت , بەمانای ئەوە نیە كە ڕزگاریان بووەو قۆناغێكی گرنگیان لە ژیان بڕیووە , منالاَن ناموس پەرستی و ئەخلاقیاتی كۆمەڵگا دەیانكاتەوە بە قوربانی و قۆناغێكی تازەیان بۆ دێتە پێشەوە لە زوڵم و زۆر و تەنانەت ئەم جارەیان بە قیمەتی گیان لەدەست دانیان و پارچە پارچە كردنیان كۆتای دێت بڕوانە ڕاگەیاندنی سەنتەری بەرگری كردن لە مافەكانی منالاَن كە دەڵێت لە ڕۆژی 11 . 2 . 2006 لە پشت پەیمانگای هونەرەجوانەكان لە شاری ڕانیە تەرمی منالێكی كچ دۆزرایەوە كە پارچە پارچە كرابوو , ئەبێت تاوانی ئەم پەپوولەیە چی بێت , لەو ڕۆژەوەی ئەم هەواڵەم بیستووە من بۆ خۆم زۆر بە ئاستەمەو سەیری منالەكەم دەكەم , ئەبێت كێ بێت چەقۆی لە گیان و ملی ئەو ئینسانە بچوكە نابێت , ئەبێت چ بیركردنەوەو سوونەتێكی دژی منالّ و ئینسانی بێت مەرگی منالّ ئاوا ئاسان دەكات , هەموو دەزانین ئەم منالە هیچ تاوانێكی نیەو ئەوەی ڕوویداوەو , ژیانی ئەم منالەی كردۆتە قوربانی لەوانەیە دایك و باوكی ئەم منالە بەرزە پێ نەچووبنە بەردەم مەلایەك و بە قەولی عەشرەت و بنەمالە زۆڵیان خستبێتەوە , چ كارەساتێكە, چ سوونەت و پەیوەندیەكی كۆنەپەرستانەیە , چ دەسەلاَتێكی نامەسئوول و بێدەربەستە , دەسەلاَتداران بۆ زیندانی كردن و لە مەنگەنەدانی ئازادی و دروست كردنی مەیدانی شەڕ و ئینسان كوژی سەدان یاسا و بەهانەیان دروست كردووە بۆ تێكدانی ژیانی زیندووەكان , بەلاَم نایانەوێت تەنها یەك یاسا بۆ پاراستنی ژیانی منالاَن یان ئینسانەكان لە دەست كوشتن و پارچە پارچە كردن لە خۆیان نیشان بدەن .

منالاَن پاش ئەوەی لەدەست پارچە پارچە كردن قوتاریان دەبێت و تۆزێك گەورە دەبن و قاچیان زەوی دەگرێت , بەرەو خوێندنگا دەڕۆن بۆ ئەوەی فێری زانیاری و تەواوی ئەو بەهائینسانیانەبن كە كۆمەڵگای بەشەری پێی گەشتووە هەر بەو حەزەوە جانتا خالّی و بچووكەكانیان دەكەنە كۆلّ و ڕوو لە خوێندنگا دەكەن , بەلاَم خوێندنگا چی هەر لە یەكەم ڕۆژەوە تەواوی ئەو ئارەزوانەی كە منالاَن هەیانە لە سێدارە دەدرێت , یەكەم قسەو ئامۆژگاری مامۆستا سەرەتای بەدبەختیەكە دەست پێدەكات , ئیتر ئێوە منالّ نین , ئێوە گەورە بوون , ئیتر ئێوە نابێت یاری بكەن , نابێت هەڵمات و دارلاسیك و بەردی هەڵماقۆتان هەبێت , نابێت لە كۆلاَن بتانبینم چونكە ئێوە بوونەتە خوێندكار و دەبێت هەمیشە سەعی بكەن , ئادەی با ڕیزی شێر و پڵنگ و ڕێوی جیاكەینەوە , ئادەی زلەكان بۆ دوواوەو بچووكەكان بۆ پێشەوە , ناوی زۆر هارم بۆ بنووسن, چاودێری نهێنیم داناوە , چۆلەكەم هەیە , ئەمە چیە ئەمە خوێندنگایە یان ئەمنە سوورەكە ,بۆ ئەوەی وەزعی منالاَن لە خوێندنگاكان بزانن سەیری ئەم نموونەیەی ژیانی منالاَن بكەن , لە گوندی پریس كە 10 كیلۆمەتر لە شاری هەڵەبجەوە دوورە , خوێندنگاكەیان مزگەووتەو پۆلێكی ئەو خوێندنگایە ژووری مردو شۆرەكەیە , بڕوانە ڕۆژنامەی خوێندنی لیبرالّ ژمارە " 62 " یەكێك لە خوێندكارەكان دەڵێت كە مردوویەك لە پۆلەكەمان دەشۆن تا 3 ڕۆژ بۆنی پۆلەكەمان ناخۆشە , خوێندكارێكی تر دەڵێت چەند جار كتێب و جانتاو دەفتەرەكانم كەوتوونەتە حەوزی مردوو شۆرەكەوە , ئەمە چیرۆك نیە , ئەمە درۆ دروست كردن نیە بۆ دوژمنێكی سەر سەخت , ئێستاش بچی یەخەی دەسەلاَتداران بگری , دەڵێن چی بكەین هەروا فریا دەكەوین ئەوەتا خەریكین خوێندنگایان بۆ دروست دەكەین , ئیتر قسەیەك لەسەر ئەو باجە نیە كە منالاَن لە ڕووی دەرروونیەوە دەیدەن , بیهێننە بەرچاوی خۆتان خوێندن بۆ ئەو پەڕەی گولاَنە لە ژووری مردو شۆرا چ

واقیعەتێکی تاڵە , لە کاتێکدا منالاَن ژووری خوێندنگاکەیان بە نایلۆن جیائەکرێتەوە , دەسەلاَتداران لە کوردوستان خەریکی کردنەوەی کۆلیژی ئامادەکردنی پێش نوێژو ووتار خوێندنەکانن , سەیرکەن منالاَن ژیان چۆن بەسەر ئەبەن و دەسەلاَتداران چۆن بیر ئەکەنەوە . منالاَن پاش ئەوەی لە خوێندنگا فێری یەك و دوو ئەبن , پاش ئەوەی فێری چەند ووشەیەك و چەند پیتێك ئەبن , ئیتر تەشتە گوڵەبەڕۆژەکە دەخەنە سەر سەریان و بازاڕو بەردەم سینەما و چایخانەکان چاوەڕوانیانن , چ بازاڕێك ئەو بازاڕەی بۆ منالاَن دۆزەخێکی داخراوە , جنێو , سوکایەتی , شەخسیەت شکاندن , هەندێك جار ئیغتساب , سەرما و گەرما بوون برسیەتی و ماندوو بوون , ئەگەر ئەمەش بۆ ماڵەوە دەرینەهێناو کاری منالْ لە گەلْ کاری باوك و برا گەورەکەی نەیتوانی وەلاَم بە خەرجی مەمرەو مەژیەی خێزان بداتەوە, ئەوا جارێکی تر منالاَن دەکرێنەوە سووتەمەنی و ڕەوانەی حوجرەکانی یەکگرتوو و کۆمەلْ و تاقمەئیسلامیەکان دەکرێن , تا بە قیمەتی فرۆشتنی منالی بوونی خۆیان داهاتی خێزان بە مووچەی وەرگیراو دابین بکەن . لە

هەڵەبجەی تازە لە بازاڕەکەدا منالێك دراوسێ عەرەبانەم بوو , بەلاَم ئەو بە سندوقەکە شکاوەکەیەوە بۆیاخی پێلاَوی دەکرد , ڕۆژێك هەردووکمان موشتەریمان نەبوو بۆ خۆمان کەوتینە قسە , من لێم پرسی لەم کارەی خۆت چی زۆر ناڕەحەتت دەکات ؟ پێش ئەوەی منالەکە وەلاَم بداتەوە من پێم وابوو دەلێت دەستم بۆیاخاوی یان قوڕاوی دەبێت , بەلاَم منالەکە وەلاَمێکی وایدامەوە بەجارێك سڕی کردم , ئەم وەلاَمە وەلاَمی شاعیرێکی هەست ناسك نیە , وەلاَمی پیرە پیاوێك نیە جەوری ژیان پشتی چەماندبێتەوە , وەلاَمی منالێکە کە منالْ بوونی پڕە لە سۆز و ئینسانیەت , منالەکە ووتی ئەو کاتەی کەسێك کە ئەیەوێت پێلاَوەکانی بۆ بۆیاخ بکەم و قاچ ئەخاتە سەر سندوقەکەم زۆر ناڕەحەت ئەبم , ووتم چۆن ؟ ووتی خەلْك هەیە کەدێن بۆ پێلاو بۆیاخ کردن نەعلەکان لە پێ ئەکەن و پێلاَوەکانم لا جێدەهێلْن ئەوەم بەلاوە ئاسایە , بەلاَم کە پێلاَوەکانیان دەخەنە بەردەستم بێتاقەت ئەبم خۆ منیش ئینسانم , منالاَن بەم هەستە ناسکانەوە دەنێرێنە بازاڕەی بێڕەحمی و شەخسەت فرۆشتنەوە .

منالاَن دوای ئەوەی تۆزێکی تر گەورە ئەبن و سەرو سیمای جوان و ناسکیان دەرئەکەوێت , ئیتر لە خەم ناڕەخسێن بەڵکو سەرەتای نەگبەتیەکی تر دەست پێدەکات , ئیتر هەر لێدان و چاوسورکردنەوە نیە , هەر ژووری مردو شۆر و بۆیاخچیەتی نیە , ئەم جارەیان کەرامەتی ئینسانی و منالاَنەیان دەبێتە قوربانی هەوەسبازی و غەریزە دامرکانەوە , کەم نین " ئازاد ئەبوبەکر" ەکان کە کرانە میوانێکی ناوەختی ئێوارەیەکی درەنگ و لە گۆڕستانێك سەریان لە لاشەی کردەوە .

منالاَن لە سکی دایکیانەوە تاکو دارە دارە دەکەن و دەکەونە سەر پێ , تاکو دەستیان قەڵەم و دەفتەر دەگرێت , تاکو لەش و لاریان پڕ ئەبێت و ئەڕۆنە تەمەنی 18 سالْ دەسەلاَتداران بە هیچ شێوەیەك خۆیان بە بەرپرس نازانن لە ژیان و گوزەرانیان , بەلاَم کە زانیان دەستیان دەتوانێت چەك بگرێت یەکسەر دەرگای سەربازگاکانیان بۆ دەخاتە سەر پشت و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ڕاپێچی کارگەی دروست کردنی مەرگیان دەکەن . ئەمە پانۆرامایەکی کورت و سەرپێی ژیانی منالاَنە , ئەمە ئەو نموونە سادەو واقیعیانەن کە گۆشەیەك لە ژیانی منالاَن نیشان دەدات . با بیرێك لە منالاَن بکەینەوە , با نەیەلێن منالاَن ئاوا بژین با نەیەلێن { کۆڤانەکان , ئازادەکان , شەهلاکان ,

**شەیماکان , عادلەکان , ئارامەکان , ئاکۆکان , ژیلانەکان , ڕامیارەکان , بەمۆکان , سەرکانەکان , سەدان وهەزاران منالآنی تر ببنەوەبە سوتەمەنی و بەرداشی ئاشی ناعەدالەتی ژیانیان بهاڕێت . دەسەلآتێك حورمەتی منالآن نەگرێت , ئەبێت بڕوات و لە كۆڵ كۆمەڵگا بێتەوە.** **هیدایەت مەلا عەلی**
hidayat_malaali@yahoo.com